# لاپەڕەیەك لە مەینەتییەکانی گەلەکەمان

## ((شەڕی جەلەولا))

**و: ڕێباز مستەفا**

کاتێ دەوڵەتی پرشکۆی ساسانی بەهۆی کێشەو ناکۆکییە ناوخۆییەکانو نفوزو کاریگەری پیاوە مشەخۆرە ئاینییەکانو دەستوەردانیان لەکاروباری دەوڵەت، بەرەو لاوازی چووو شیرازەی دەوڵەتەکە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر بەرەولاوازیو تێکچوون دەچوو، عارەبە کۆچەرییەکان کە لەنزیك بەسراو بیابانەکانو ئەوبەری فورات تازە خەریك بوون نیشتەجێ بن، ئەو هەلەیان قۆستەوەو هەموو هێزەکانی خۆیان کۆکردەوەو پەلاماری هێزەکانی ساسانیانداو سەرەتا لەقادسیەو دواتریش لەمەدائن سەرکەوتنیان وەدەست هێناو هێزی ئێرانیەکانیان شکاند.

دوای گرتنی مەدائنی پایتەختی دەوڵەتی ساسانی، ئەمجارە پەلاماری جەلەولایانداو لەوێشدا ئێرانییەکانیان شکاند، سەرچاوەکان لەو بارەیەوە نووسیویانە ئەو کاتەی کە ئێرانیەکان لە مەدائن هەڵاتنو گەیشتنە جەلەولا، لەوێ هەریەك لە خەڵکی ئاتروپاتینو بابو خەڵکی چیاو فارس بۆئەوەی بچنەوە شارو ناوچەکانی خۆیان ڕێگاکانیان لەیەك جیابوو، بەرلەوە لەیەك جیا ببنەوە، و هەریەکەی ڕێگەی خۆی بگرێتە بەر. کۆبونەوەو گووتیان ئەگەر ئێستا بڵاوەی لێبکەین، جارێکی تر هەرگیز ناتوانین کۆببینەوەو ئاوا یەکبگرینەوەو ئێرە جێگایەکە کە ڕێگای هەمووان لێك جیا دەکاتەوە، واچاکە لێرە کۆببینەوەو جارێکی تر لەگەڵ عارەباندا شەڕ بکەین. ئەگەر سەرکەوتین ئەوان دەردەکەینو راویان دەنێین، ئەگەر سەریش نەکەوتین ئەوا ئەوەی لەدەستمان هاتووە کردوومانەو دواتر پەنجەی خۆمان ناشکێنینەوەو ناڵێین خۆزگە ئەوەمان کردبا. هەمووان قبوڵیان کرد، (مەهران رازی)یان کردە فەرماندەی خۆیانو سەنگەرو مەتەرێزیان لەوێ لێدانو خۆیان ئامادەی جەنگ کرد. نامەیەکیان بۆ (یەزدی گورد)ی شای ساسانی نووسیو داوای پارەو لەشکریان لێکرد. یەزدی گورد پارەو هێزی سەربازی بۆ ناردن. ئەو ژمارەیەی کە لە جەلەولا بوون بۆئەوەی لە هەرەشەی عارەبان کە بۆی هەبوو هەرساتێك بگەنە سەریان پارێزراو بن، خەندەقیان بەچواردەوری لەشکرگای خۆیان لێدا. لەو رۆژانەدا بارودۆخی ئێران زۆر شێواوو پەرێشان بوو. هەرکەس لە سەردارانو مەرزدارەکانی ئێران سەربەخۆ بووو شای بەسەپانی خۆی نەدەزانی. یەزدی گورد بێهودە هەوڵی دەدا کە ئاوەکە بخاتەوە سەر جۆگاوەکەی، سەری بەهەموو جێیەکدا دەگرت، تا هێزێك پۆنەبەردی دژی دوژمن فەراهەم بکات، بەڵام ئیدی درەنگ داهاتبوو، رەوشەکە ئەوەندە شێواوو رووی لە بەرەلایی و بێ سەرایی بوو کە هیچ هەوڵدانێك سوودو ئەنجامێکی لێ نەدەکەوتەوە، مەدائن لەدەستی عارەبان دابوو، لەشارەکانی تر کەلەرەوشێکی ناهەموار دابوون چ شتێك دەکرا؟ لەوماوەیەدا (سەعدی کوری ئەبی وەقاس) لە مەدائن بوو، بیستی کە ئێرانیەکان هێزە پەرشو بڵاوەکانی خۆیان لەجەلەولا کۆکردۆتەوەو نیازی شەڕیان هەیە تەنانەت لە ئەسفەهانو وڵاتی چیاشدا هێزی سەربازی بۆیارمەتی ئەو ئێرانیانەی جەلەولا دەگات. سەعد کە ئەو هەواڵەی بیست نامەیەکی بۆ عومەر [1] نووسیو داوای بۆچوونی ئەوی کرد، عومەر فەرمانیدا کە پێویستە خۆ بۆ شەڕ ئامادە بکەنو بواری پەلامار نەدەنە دوژمن، سەعدیش ژمارەیەك لەسوپای عارەبی رەوانە کرد کە بەرامبەر لەشکرگای ئێرانیەکان خێوەت هەڵدەنو لەشکرگا دروست بکەن. سەرئەنجام لەجەلەولا شەڕێکی سەخت ڕوویدا، ئێرانیەکان شکانو پشتیان داو هەڵاتن، زۆریان لێ کوژرانو زۆریشیان بەدەستکەوتنی فراوانەوە کەوتنە چنگی دوژمنەوە. ئەوانەی کەلەچنگی دوژمن قورتار بوون، خۆیان گەیاندە (حەلوان )و یەزدی گورد هێشتا هەر لە( حەلوان)بوو، کەلەو شکستە ئاگادار بووەوە ترساو باروبنەی خۆی پێچایەوەو بەخۆیو دارو دەستەو خزمەتکارەکانیەوە ڕێگای هەڵاتنی گرتەپێش.

لەجەلەولا چوارهەزار سەربازی عارەب جێگیربوونو ئەوانی تر بۆ مەدائن بۆ لای سەعدی کوری ئەبی وەقاس چوونەوە. سەعدیش لەوێرا چووە کوفەو سەعد ئەو شارەی بەفەرمانی عومەر بنیات نابوو، خۆی لەلایەن خەلیفەوە سێ ساڵو شتێك فەرمانرەوایی ئەوێی کرد. لەجەنگی جەلەولادا دەستکەوتێکی زۆر کەوتە دەست عارەبان، دەستکەوتێکی ئەوەندە زۆر کە پێشتر دەستیان نەکەوتبوو پێی شاگەشکە بوون، هەروەها ژنانو کچانی زۆریشیان کەوتە دەستو بەئەنفال بردیانو لەنێو خۆیاندا دابەشیان کردنو لەبازارەکانی عەرەبستان فرۆشتنیان، ژمارەی ئەو ژنو منداڵە ئەنفالکراوانە ئەوەندە زۆر بوو کەوەك سەرچاوەکان بەتایبەت دینەوەری نووسیویە عومەری خەلیفەی موسڵمانان چاوی پێ کەوتن وێرای خۆشحاڵی دەربڕین، سەرسام بوو. [2]

وەك هەندێ لەسەرچاوە مێژووییەکان لە نێویاندا (یاقوتی: معجم البلدان) نووسیویانە: ژمارەی کوژراوەکانی جەلەولا پتر لە سەد هەزار کەس بووە، هەندێکی تریش لە سەرچاوەکان گووتویانە جەلەولا بەتەواوی لە نێو برا، ئەوەی کوژرا کوژرا ئەوەی نەکوژرا کە بریتی بوون لە ژنو منداڵ وردیلە بە ئەنفال لەگەڵ کەلوپەلە غەنیمەتیەکانی تر لەلایەنە عارەبە موسوڵمانەکان راپێچ کران بۆعارەبستانو لەوێدا فرۆشرانو کرانە کۆیلەو کەنیزەکی دەسەڵاتدارانی عارەب.3

لەجەلەولا و دواتریش لە شوشتەرو نەهاوەند عارەبە پەلامار دەرەکان توانیان هێزی دەوڵەتێکی گەورەی ئەو کات بشکێنو دەسەڵاتی زۆردارانەی خۆیان بسەپێنن، بەڵام ئەوان نەیانتوانی ئیرادەی خەڵکی تێکبشکێنن، هەر زوو لە گۆشەو کەناری ئەو وڵاتە پانو پۆرەدا چەندین سەرهەڵدانو راپەرین ئەنجامدرانو سەرئەنجامیش، توانرا عارەبەکان لەبەشێکی ئەو وڵاتە وەدەرنێن.

1-جەلەولا شارێك بوو نزیك خانەقین لەکوفەوە بەمەنزڵگەی نێوان ئێراقو خوراسان دەژمێردرا بەپێی گێرانەوەی حمدالله مستەوفی مەلیکی شاری سەلجوقی کاروانسەرای دروستکرد کە لە مەودوا کاروانسەرای جەلەولایان پێدەگووت.

**پەراوێز**

یاقوت: معجم البلدان، ج2 ص107

**سەرچاوە:**

دوقرن سکوت- (عبدالحسین زرینکوب)

1. مەبەست عومەری کوری خەتابە.(دێرین).
2. زوربەی هەرەزۆری ئەو ژنو کچو منالانە هی کوردان بوون.( دێرین).
3. ساڵی 637 زایینی جەلەولاو مەدائن لەلایەن عارەبەکانەوە داگیرکرا.(دێرین).

# گەلی کوردی ستەمدیدەی دوێنێو خاوەن ئەزموونی ئەمڕۆ

**مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی**

گەلی کورد لەرابردوودواو تائێستا لەسەر خاكو نیشتمانی باوو باپیرانی بەرامبەر پلانو هێرشی نارەوای گەلو نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکەی لەبەرگریدایە. ئەو بەرگریەش هەموو کات مایەی شانازی بووە بۆی، هەرچەندە قوربانی زۆری بەخشیوە، بەڵام خۆسازدانو بەرگرییەکانی هەمیشە لەچوارچێوەی بەرنامەی رزگاریو ئازادیخوازیو لەسەر رۆشنایی پاراستنی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ بووە، لەسەردەمی خۆیدا ئاستەکانی پێشکەوتنی جیهانی لەبەر چاو گرتووەو دروشمەکانی شۆرشی بە بەدیهێنانی دیموکراسیو ئاشتیو گەلو نەتەوەکانی نیشتمانەکەی رازاندۆتەوە، ئینجا مافی چارەنوسی بۆ گەلو نەتەوەی کورد خۆی، بەرەچاوکردنی هەلو مەرجی پێویستو خۆگونجاندن لەگەڵ هەموو نەتەوە هاوبەشەکانی بێ جیاوازی بۆچوونی سیاسیو ئاینیو نەتەوەو مەزهەب لەپێکهاتەی نیشتمانیو ناوچەیی.

هاوکاتو بەدرێژایی شۆرشە رەواو یەك لەدوا یەکەکانی گەلی کوردو بەرامبەر هەموو رژێمە بەرامبەرەکانی، پروپاگەندەی نابەجێو نامرۆڤایەتیو دوور لەراستی بۆ راگەیەنراوە، بەڵام گەلی کوردو شۆرشەکەی هەنگاوێك لەدروشمی راستو رەوای خۆی بە بۆچونو بەکردار لای نەداوە، ئەگەر چی هەموو بەرنامەیەکی لەناوبردنو پاکتاوی رەگەزی بەرامبەر ئەنجام دراوە هەتا ئەنفالو راگواستنو هێرشی کیمیاویو کوشتنی رۆڵەکانی بەلەسێدارەدانو ئازارو ئەشکەنجەو گوللەبارانکردن، هەرلە منالی ساواو پیرو پەککەوتەوو کوشتنی بەکۆمەل، لەگەڵ ئەو مێژووە رەشەی نەتەوە سەردەستەکانی بەسەر گەلی کوردا هێنایو بەردەوامیشە ، بەڵام لەناوئەو هەموو ناهەمواریو ستەمدیدەیەدا بیری پێشکەوتنخوازیو هەستی مرۆڤایەتی لەبەرچاوگرتووەو خاوەنی بەزەییو بەهاناوەچوونی دوژمنەکانیشی بووە لەکاتی زەلیلیاندا، .

مێژووی کورد لە راپەریندا سەلماندی کە ئەو هەموو خزمەتە بەرچاوەی بۆ سەربازەکانی رژێمی بەعسی ئەنجامداوە لەماڵەکانی خۆیاندا پەنایان ئەدان، ئێستاش کەگەلی کورد لەکوردستانی عێراق بەمافی فیدراڵی جوگرافی رازیەو بۆتە قوربانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقو دروشمی پێکەوە ژیان بەهەموو نیەتێکی پاکی دڵسۆزانەی، ئاستو توانای هەڤاڵی بەرێز مام جەلال رابەری شۆرشە نویخوازەکەی کە بۆتە هەوێنی پێکەوە لکاندنی سەرجەم بۆچونەکانی گەلو نەتەوەکانی عێراقو بۆتە پارێزەری مافەکانیان لەملاشەوە خاکی کوردستانو گەلی کوردی ئازادیخوازی ستەمدیدەی دوێنێ، ئەمرۆ باوەشی بۆ هەمووان گرتۆتەوە لەسەر خاكو نیشتمانی کوردستان، بێ هیچ لێکدانەوەیەكو بەئەوپەری پاراستنی گیانو سامانیان لەسایەی هێمنیو ئارامی حکومەتی کوردیدا ئەژینو مالو سەیرانگاو میوانخانەکانیان لەپێشوازیکردنیاندا، بەکردار بۆیان ئەسەلمێنن کە بنەماکانی مافی مرۆڤ و سۆزی برایەتیو پێکەو ژیانو ئاشتیو ئازادی تەنیا لەدەسەلاتی کوردیدایە .

ئەمەیان شانازیە بۆ گەلێك وەکو گەلی کورد کە بەدرێژایی مێژوو تاوانی کوشتنو برینی بەرامبەر کرابێت، کەچی لەناوجەرگەی ژیانی پر ستەمو برینی جەستەی بێ پشتو پەنای، بەڵام توانیبێتی خاكو نیشتمانی بکاتە لانەی ئارام بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی دەیانەوێت لەچوارچێوەی هەرێمەکەیاندا بژین، بەنەیارو دوژمنەکانی دوێنێشەوە.

بەراستی جێگای شانازییە بۆ هەموو رۆڵەکانی کورد بەهەموو چینو توێژەکانەوە بەگشتیو خاوەن شەهیدو پێشمەرگە بەتایبەتی، پێویستە هەموومان خۆمان بەخاوەنی ئەم ئەزمونە سەرکەوتووە بزانینو سەروەرییەکانی بەدەستکەوتێکی چارەنووسمان لەقەڵەم بدەین، هەرئەوەندەمان بەسە کەهەموو جیهانی پێشکەوتوو بەنەتەوە بەرامبەرەکانمان رائەگەیەننو ئەڵێن برۆن سوود لەو ئەزمونەی کوردستانو گەلی کورد وەربگرن.

# یاسای ژمارە9ی ساڵی 1992

# یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە

**مام سۆران**

ئەم یاسایە لەساڵی 1992دا لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەك ڕێزلێنان لەخەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی رۆڵەکانی گەلی کوردستان کە وەك پێشمەرگە بەشداری شۆرشی رزگاریخوازی گەلەکەیان کردووە.

بەر لەسەرنج و رونکردنەوە لەسەری، باوەك خۆی ئەم یاسایە بنووسینەوە، کەلە (8 مادده) پێکهاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە :

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆخواستەکانی ئەم یاسایەو ماناکانیان لەتەنیشت خۆیانەوە روونکراوەتەوە :

1. شۆرش/ شۆرشی رزگاریخوازی کوردستان. کەلە 11 / 9 /1961 هوە هەلگیرساوە.
2. پێشمەرگە/ هەرکەسێ چوبێتە ریزی شۆرشەوە لەرووی سیاسی یا سەربازییەوە خەباتی بۆبەدیهێنانی ئامانجەکانی کردبێت و لێیانی لانەدابێ و هاوکاریی لەگەڵ دوژمنانی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانیدا نەکردبێ.
3. شەهید/ ئەو پێشمەرگەیە کەشەهید بووە لەکاتی شۆرشداو بەهۆیەوەو خۆی هیچ دەستی نەبووە لەشەهید بوونەکەیدا.

ماددەی دووەم: ئەو ماوەیەی کەپێشمەرگە لەناو شۆرشدابووە لەرۆژی چوونە ریزەوە، بەسەرێ بردووە بەمەبەستی خزمەت و خانەنشینی بەخەباتی بەکردەوە (فعلی) دادەندرێ.

ماددەی سێیەم: مەدالیای تایبەتی بەپێشمەرگە دەدرێ کەشێوەو پلەو بەخششەکانی ((امتیازات)) بەپێی ئەم یاسایە بەپەیرەوێکی تایبەتی دیاری دەکرێ.

ماددەی چوارەم: ئەو ژنانەی کەچوونەتە ریزی شۆرشەوە هەمان بەخششەکانی پێشمەرگەیان دەدرێتێ.

ماددەی پێنجەم: هەلگرانی مەدالیا لەبۆنە گشتییەکاندا هەریەکەو بەپێی پلەکەی لەشوێنی تایبەتیاندا دادەنیشن.

ماددەی شەشەم:

1- حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەوکەسانە دەگرێتەوە کەتا (1992/3/1) چوونەتە ریزی شۆرشەوە.

2- ریزلێنانی شەهیدان کەگیانی بەخشیوە لەرێگەی شۆرشدا لەبەرواری دیاریکراوەوە کەلە فەقەرە/1دا هاتووە بەپەیرەوێکی تایبەت دیاری دەکرێت.

ماددەی حەوتەم: دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی هەشتەم: ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

چەند سەرەنج و رونکردنەوەیەك

1- کوردستان دوور لەخواستی خەڵکەکەی و بەزۆر لەلایەن ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەرەنسی لەدوای کۆتایی شەری جیهانی یەکەم لەساڵی (1920)ەوە دابەشکراوە بەسەر چوار وڵاتی ناوچەکە کەدوانیان دەستکردی خۆیان بوونەو عەرەبن کە ئەوانیش عیراق و سوریان و دوانەکەیتر یەکێکیان تورکیای پاشماوەی عوسمانی و دۆراوی شەرەکە بوو، چوارەمیش ئێرانی فرەنەتەوە بوو.

2- یەك کوردستان هەیەو هەر لەئەنجامی داگیرکردن و دوور لەخواستی گەلەکەی ئیمپریالیزم دابەشی کردووە بۆچوار پارچە، باکوور و باشوورو رۆژهەڵات و رۆژئاوا، کەدەوترێت باشووری کوردستان نەك کوردستانی باشوور، چونکە یەك کوردستان هەیە نەك چوار، ئەویش کوردستانە گەورەکەیە کەئامانجی سەرەکی گەلی کوردستان رزگاری و یەکگرتنەوەی هەرچوار پارچەکەیە.

ماددەی یەکەم:

یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی شۆرشی دیاریکردووە بە (1961/9/11) کەئەمیش:-

أ) شۆرشەکە لەباشووری کوردستاندا بووە، ئەو بەشەی بەزۆر لکێندراوە بەعیراقی عەرەبییەوە.

ب) ئەم شۆرشە بەشۆرشی ئەیلول ناسراوە لەبەر ئەوەی لەمانگی ئەیلولەوە هەلگیرساوە.

ج) لەئەنجامی هۆکاری دەرەکی و ناوخۆدا لەساڵی (1975) شکست هاتووە، هێزی پێشمەرگە بەسەرکردایەتییەوە یان رویان لەئێران کردووەو نیشتەجێ بوون یا بەرەو هەندەران و زۆری رووی لەئەرزی واقیع کردووە کەلەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا بووە.

دووەم: لەناساندنی (پ.م) هاتووە، هەرکەسێ چووبێتە ریزی شۆرشەوە لەرووی سیاسی یا سەربازییەوە...

لەبەر ئەوەی ((یا)) لەنێوان وشەی سیاسی و سەربازیدایە کەواتەکەسانی ناو رێکخستنەکانیش دەگرێتەوە کەچەکیان هەڵنەگرتووەو نەبوونەتە پێشمەرگە، بەئاشکرا ئەمەش بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دەگەرێتەوە بۆ زیاتر روونکردنەوەی.

ماددەی دووەم:

ئەژمارکردنی پێشمەرگایەتی بەمەبەستی خزمەت و خانەنشینی بەخەباتی (فیعلی) ئەگەر ئەو ماوەیە بەدوو هەندە ئەژمار بکرێ لەجێی خۆیەتیی چوونکە ژیانی (پ.م) هەمیشە ناخۆشی و گیانی لەسەر دەستی بووە، بەچەك و تەقەمەنی سادەوکەم و نەبوونی خواردن وپۆشاك و کەسوکاری گیراوە و تیرۆر کراوە کە ئەمە لەگەڵ سەربازاندا نەکراوە.

ماددەی سێیەم: مەدالیا بەخشین و بەخشش (امتیازات) دەکرێت بەم شێوەیەو دیاری بکرێت:-

1. گەرەکی تایبەت بەپێشمەرگە دێرینەکان دروست بکرێن لەلایەن حکومەتەوە بە ئامادەکراوی بەناوی گەرەکی (پ.م)ە دێرینەکان.
2. گەرەکی تایبەت بەشەهیدانی پێشمەرگە دروستبکرێ بەشێوەیەك کەناومالی تیا بێت و لەبەردەم هەر خانوێك هەیکەلێکی شەهیدەکەو ژیاننامەکەی هەبێت.
3. کارئاسانیو یارمەتیدانی پێشمەرگەو کەسوکاری پلەیەکیان، بۆتەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنیان لەزانکۆو پەیمانگاو خوێندنی باڵا و هەروەها منداڵانی شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکان بەپلەیەك بن بۆوەرگرتنیان لەکۆلیجەکانی سەربازی و پۆلیسی و گشت هێزە چەکدارەکانی ناوخۆ، چونکە ئەمان خاوەنی راستەقینەی کوردستان بوون و بەکردەوە بەگیانیان پارێزگاریان لەکوردستان کردووە.
4. سەرلەنوێ دروستکردنەوەی پێشمەرگە لەرووی مرۆڤی و کەسایەتی و دەروونی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی ئەو ئازارانەی کە لەرۆژانی پێشمەرگایەتیدا تووش بووە، کارئاسانی و یارمەتیدانی پێشمەرگە دێرینەکان بەچارەسەرییان لەناوەوەو لەدەرەوەی وڵات و سەفەری خۆش و گەشت و گوزاریان بۆ ساز بکرێ.
5. لەکاتی شەهید بونیاندا یا مردنیان بەشێوەی رەسمی مەراسیمی بەخاك سپاردنیان بۆبکرێ. بەهۆی کەهاوسەنگەرانیان بەجلی پێشمەرگایەتی بەرەو گورستانی ببەن و (21)فیشەك لەسەر گۆرەکەی لەلایەن هاوسەنگەرانیانەوە بتەقێندرێ.
6. هەرچی پلە و پایەی هەستیارو پلەیەك هەیە بەمان پربکرێتەوە لەپاڵیا ئەو پێشمەرگانەی کە خوێندنیان تەواو نەکردووە پێیان تەواو کرێت نەك بەناوی بێ بروانامەی نەبوونی خزمەتی کارمەندی بە گەنجینەوە وەربگرێت یان لەهیچ شوێن وەرنەگیرێن.

ئەمانە و گشت بەخشیشێك کە شایستەی پ. م بێت و تاکو کاری شۆرشگێرانەو کوردایەتی زیاتر جێگای شانازی بێت.

ماددەی چوارەم / بەشداری ژنان لە شۆرشدا وەك (پ.م)ی پیاو حسابیان بۆ بکرێت لەکاتێکدا ئەمانە دووجۆر بوون :-

1. ئەو ژنانەی وەك (پ.م) رooویان لە شۆرش کردووە یان لە رێکخستنەکانی شارەکاندا بە نهێنی کاریان کردووە و لەناو شۆرشدا چەك لەشان بوون یان لەبارەگاکاندا کاری ئیداریان کردووە ئەمانە (پێشمەرگەی ژن)ن..
2. ئەو ژنانەی کە ئامادە بوون ببنە هاوسەری (پ.م) و هەمان دەردیسەری و راونان و گرتن و قبوڵ بکەن کە بە کەس و کاری هاوسەرەکانیان چەشتویانە و لەسەر و هەموویانەوە ئامادەبوون ببنە بێوەژن و ژنە شەهید و منالانی شەهیدەکەیان بەسەر بەرزی بەخێو بکەن ئەمانەش (ژنە پێشمەرگە)ن.

ماددەی پێنجەم / بۆ رێزلێنان هەلگرانی مەدالیا لەبۆنە گشتییەکاندا، پاش ئەوە دێت کە لیژنەی تایبەت لەخەڵکانی بەویژدان و شارەزا دابنرێت بۆ ئەوەی لەسەر ئەو ناسنامەیەی بەپێی ئەم یاسایەی بۆ پێشمەرگە دیاریکراوە ئەم ماددەیەش جێبەجێ بکرێ.

ماددەی شەشەم/ دیاری کردنی رۆژی 1992/3/1 واتە بەر لە هەلبژاردنی یەکەم پەرلەمان لە مێژووی گەلی کوردستان بەدوو مانگ و ئازاد کردنی بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستان، خزمەتی (پ.م) دیاری کراوە واتە لە 1961/9/11 تا 1992/3/1 کە نزیکەی 31 ساڵە تەمەنی شۆرش*.

*کەموکووری ئەم مادەیە لە یاساکەدا لەوەدایە کە بیرێ لەوە نەکردۆتەوە خزمەتی پێشمەرگایەتی هەر بەردەوام دەبێت و هاوولاتیانی کوردەواری و پێشمەرگە دێرینەکانیش لەدام و دەزگاکانی پێشمەرگایەتیدا بەردەوام دەبن و دەبێ خزمەتیان بۆ ئەژماربکرێت .. ئێستا خزمەتی پێشمەرگایەتی لە 1992/3/1 بەدواوە تەنها بۆ مەبەستی خانە نشین کردن حساب دەکرێت بەڵام بۆ بەرزکردنەوەی پلەو زیاد کردنی مووچە نایەتە ئەژمارکردن.

دێرین داوا لە دلسۆزان دەکات ئەو کەم و کوریە یاساییە چارەسەربکرێت و کار کردنی پێشمەرگە و هاوولاتیان لەدەزگا پێشمەرگەیی‌یەکاندا بەخزمەتی بەکردەوە بۆ گشت مەبەستەکان ئەژماربکرێت.. دێرین